# سەرەتایەك بۆ كوردستانی بوونی كەركوك

دوای چەندین هەڵبژاردن خۆئامادەكردن بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاری كەركووك ... ئەمرۆ رۆژی ئەو هەڵبژاردنە بوو ئەمرۆ سەر لە بەیانی رێكەوتی چوارشەمە ٢٨ / ٥ / ٢٠٠٣ لە كات ژمێری ١١ پێش نیوەرۆ ئەنجامی دوا هەڵبژاردن ئاشكرا كرا. تیدا بەرێز پارێزەر و محامی " عبد الرحمن مستەفا " پرۆسكەی بردەوە بە كۆی " ٢٠ " دەنگ لە كۆی " ٣٠ " دەنگ و " بەرێز " مستەفا كەمال " پالێوارەی پارێزگاری تەنها دە دەنگی بە دەست هێناوە بەرێز اسماعیل احمد رجب الحدیدی هەڵبژێروار بۆ پۆستی جێگر پارێزگار بە ١٩ دەنگ و بەرێز تحسین محمد علی كهیە دامەزاربە سەرۆكی ئیدارەی ئەنجومەنی شاری كەركوك وە بەرێز عرفان جمال كركوكلی بوو بە هاوكاری پارێزگار بە كۆی ٢٢ دەنگ ... بەرێزیان دەبێت بە هاوكاری پارێزگار بۆمە سە لەی نەهێشتنی بەعسیەكان وە بەرێز سەرگون لازار صلیوا بوو بە هاوكاری پاریزگار بۆ مەسەلەی پیلان دانان و بە كۆی ١٨ دەنگ درۆست كردنی ئیدارەت و هەروەها بەرێز حسیب عوسمان رۆژبیانی بوو بە هاوكاری پارێزگار بۆ مەسەلەی نیشتەجێ كردن زیان ژماردن ...

ئێمە چاوپێكەوتنمان لە گەڵ هەموو ئەم بەرێانە سازدا ئەمەیش دەقەكانەیەتی:

☐ بەرێز عبد الرحمن مستەفا بەبۆنەی بوونتان بە پرێزگاری كەركووك بە ناوی كوردستان نێت ەوە پیرۆزبایت ئاراستە دەكەین.

☐ زۆر سوپاس بەریزت ستافی تەواوی كوردستان نێت دەكەم.

☐ بەرێز ئەمرۆ بەرێزت بووبت بە یەكەم پارێزەگاری كەركوك لە دوای روخاندنی بەعس. ئایا هێچ پیلان و بەرنامەی كارت هەیە بۆ ئەم پۆستە ؟ !.

☐ بەڵێ من بەرنامەی تایبەتم هەیە بە خۆم كەسێكی ماف پەروەرم و بەرنامەیەكی یاساییم هەیە. راستە من بێ لایەنم بەلاّم پێویتم بە هاوكاری هەموو برادەرانی ئەنجومەنی شارەوانی دەبێت هەر لە كوردەوە تا توركمان و عەرەب وئاشورییەكان وبێلایەنەكان چونكە من رەنگی ئەوانم بە دەست هێناوە هاوكاری ئەوانم پێویستە.

☐ جەنابی پارێزگار ئایا ئەو بەرنامەیە ئەتوانی بە بێ دەسەلاّتی ئەمریكی جێ بە جێی بكەیت؟

☐ من پێم وایە رۆژی یەك شەمەی داهاتوو كۆبونەوە مان هەیە لە گەڵ جنراڵ ریموندواو دیانۆ وكولێنر مای فیلّ مسوولی سەربازی شمالی شرقی عێراق وحاكمی سەربازی كەركوك لە وێدا بەرنامەكەی خۆم پێشكەش دەكەم گەربرایانی ئەنجومەن وهاوری ئەمیریكییەكانش زیاتر پۆختەی بكەن ئەوە باشتردەبێت.

☐ بەرێز كاك عبدالرحمن بەرێز مستەفا كەمالّ لەسەرلیستی جبهە ی توركمانی كەپالێواروبووە بۆ هەمان پۆستەی بەرێزتان ئایا بەرێزتان لەوباوەرەدان هاوكاریتان بكات؟!

☐ بەڵێ كاك مستەفا كەمالّ خەڵكی شاری كەركوكە راستە ئەو توركمانە بەلاّم عیلاقاتێكی چاكمان هەیە بەیەكەوە لەدێرزەمانە وە لەگەڵ خێزانەكەی دا هاوریّ وخۆشەویستین لەو باوەرەم زۆر هاوكاریم بكا...

☐ ئایا هەردوو حیزبی سەرەكی كوردەكان (ی. ن. ك) و (پ. د. ك) هاوكاریان كردی بۆ بەدەستهێنانی پۆستەكەت؟!

☐ بەڵێ ئەوان زۆر هاندەرم بوون بۆ ئەم پۆستە ئەوان زۆر هاوكاری منیان كردوە.

☐ بەرێز دوا ووتە دەڵێبت چی؟!

☐ زۆر سوپاسی خەڵكی كەركوك دەكەم كە ئەم پۆستەیان بە من راسپارد هیوادارم بتوانم سەربكەوم تێدا... منیش كار بۆ برایەتی كورد وعەرەب وتوركمان وئاشوورییەكان دەكەم بە یەك چاو دەروانمە مەسەلەكان بۆ سەرخستنی برایەتی شاری كەركوك...

*****



www.kurdistannet.org كوردستان نێت

□ بەرێز مستەفا کەماڵ ئەم کاتەت باش هیواداریین لە پرۆسەکانی داهاتودا سەرکەوتن بەدەست بهێنیت؟

□ زۆر سوپاست دەکەم وە ئەم کاتەی بەرێز باشتر.

□ کاك مستەفا کەمال بیستمان بەسەرشان وباڵی کاك عبدالرحمن هەڵ ئەدەی ئایا بەرێزتان لە لیژنەی ئەنجومەنی شاردا دەبن بە هاوکاری؟

□ بەڵێ کاك عبدالرحمن کە سێکی زۆر چاکە بەراستی برا کوردەکان زانیان کێ هەڵبژێرن ئێمە لەم ئەنجومەنە یاخوو ئەم حکومەتە کاتی یە کە تا سەر نی یە هاوکاری دەکەین.

□ بەلاّم لە گەڵ رۆژنامە تورکی یەکان باسی نەبوونی دیموکراسیەتان کرد ؟

□ ئێمە چەندین جارە رەخنە مان گرت لە ئەنجومەنی شاری کەرکوك بە تایبەتی لە لیستی بێ لایە نەکان چونکە ئەندامەکانیزۆریان لە ژمارەی شەش کەسدا (٥) کەسی کوردن ئێمە بە نووسینیش رەخنەی خۆمان ئاراستەی ئەمریکیەکان کردوە پێش ئەم هەڵبژاردنە بەلاّم دیارە سودی نەبوو.

□ بەرێز کاك مستەفا هیچ کێشەیەك لە بینی ئێوە برا کوردەکان هەیە.

□ نەخێر تەنها کێشەی بی لایەنەکان وەك زووتر ووتم.

□ زۆر سوپاس.

□ سوپاس بۆ ئێوەش...

*****

ئەم چاوپێکەتنە بەزمانی عەرەبی کرا...

□ بەرێز اسماعیل احمد رجب الحدیدی ئەم کاتەت باش و پیرۆزبایيلێ دەکەین بەبوونی بەرێزتان بە جێگری پارێزگار ئەگەر بکرێت سەرەتایەك لە سەر خۆت پێشکەش بکەیت؟

□ زۆر سوپاس بەخێربێن...من خەڵکی شاری کەرکوکم دەرچووی پەیمانگای نەوتی کەرکوکم تەنها بۆ یەك رۆژخزمەتی بەعسم نەکردوە وبێ لایەنم بەلاّم لە عەشیرەتی (الحدیدی) م لە گەڵ هەمووڵایەکدا عیلاقاتی چاکم هەیەوە ئەندامی ئەنجومەنی گەلی کەرکوك بووم لە سەر لیستی بێ لایەنەکان...ئێستا دەمەوێ زیاتر خزمەتی شارەکەم بکەم ولەم پۆستەیەوەیش بتوانم رەگی برایەتیکورد وعەرەب وتورکمان وئاشوورییەکان نەتەوە کەکانی ترو ئایانەکان ومەزهەبەکانی تر بچێنم بۆ گەلی کەرکوك...

□ بە باوەڕی بەرێزت ئەم پرۆسەیە چۆن بەرێوە چووە ؟!

-نازانم بلێم چون بەلاّم ئەمە یەکەم جار لە مێژووی کەرکوکدا هەموو نەتەوەکان بەشداری دەکەن لە هەڵبژاردن و لە بریاردانی جارە نووسی وەلەمەزیاتر دیموکراسیەت دەبێ چی بێ.

□ نا یا هیچ کێشیەیەکانتان هەیە لە گەڵ هیچ نەتەوەیەك یاخود لەم پروسەیە ؟!

- نەخێر کێشە مان نییە ... ئەم پرۆسەیەیش زۆر بە دیموکراتییانە ئەنجام دراوە.

□ بەرێزت هاوکار پارێزگاردەکەیت کەکوردێکی بیلایەن ؟!

- بەڵێ بە هەموو ئیمکانیە تێکەوە گیانی و عەقلّی.

دواتر چاومان کەوتە بەرێز تحسین کهیە سەر بە الاتحاد الاسلامی الترکمان العراق " بەم شێوەیە بۆمان دوا.

- من ئەمرۆ ئەتوانم بلێم هاتم بۆ کەرکوك دیموکوراسی کەرکوکی برایەتی وتابەیی دیارە من خۆم هەلبژاردبوو بۆ بۆستەی جێگری پارێزگار بەلاّم لە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن من کەمتر دەنگم هێنا کاك اسماعیل دەنگی زیاتری هێنا من یەکەم پیروزی لێ

www.kurdistannet.org
29-5-2003 11:14

دەکەم ... وە من هاوکاری هەموو لایەك دەکەم و خۆشحاڵم دا مەزراوەم بە سەرۆکی ئیدارەی ئەنجومەنی شاری کەرکوك ... هیوام وایە هەموو یەك دەست یەك دەم کار بکەین بۆ نەمورفەکردنی کەرکوکی برایەتی...ئیتر زۆر سوپاس.

*****

- پاشان گفت وگۆمان لە گەڵ بەڕێز عرفان جمال کرکوکلی سەرۆکی پارتی تورکمانی گەلی عێراقمان کرد:

- بەڕێز وتی من زۆر دەمێکە بە دەستی بەعسیەکانەوە دەناڵێم بەلاّم ئەمڕۆ من بووم بە هاوکاری جەنابی پارێزگار بۆ نەهێشتنی بەعسییەکان ئەمە سەرەتا یەکە بۆ دیموکراسی بوون دامەزراندنی گۆمەڵگای مەدەنی. زۆر سوپاسی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی شار دەکەم هیوادارم هەمووان وەکو برا کار بکەین ئێتر زۆر سوپاس ...

... بەڕێز سەرگون لازەرا صلیوا وتی

من خاوەنی شهادەی هەندەسەی مەدەنیم پۆستە یاریدەدەری پارێز پارێزگارم وەرگرتووە لە مەسەلەی پیلاندانان و دروستکردنی حکومەت ... هیوادارم لە گەڵ برادەرانی ئەنجومەن بتوانیین بە هەمووان خزمەتی خەڵکی شاری کەرکوك بکەین کە چەندین ساڵە لە ژێر زوڵمی بەعسییەکان هەموو ناخۆشییەکی کێشتووە دەبێت ئێمە کار بکەین بۆ کەم کردنی غەمەکانیان و نەهێشتنی ...

وە بەڕێز حسیب عوسمان رۆژبیانی ... وەتی

بەڵی کوردەکان ئەولەویاتیان هەیە لە بەرنامەکەم چونکە هیچ قومێك وەکو ئەوان زەرەرمەند نەبوون زەرەکانیان هەر لە سوتاندنی دبێیەکانەوە بۆ تەرحیل و زەوتی زەوییەکان و ماڵەکانیان تازۆرشتی تر من خۆشحاڵم بۆستی یاریدەدری پەرێزگار بۆ مەسەلەتی نیشتەجێ کردن وریان ژمارەدن لێرەدا دەبێت من خزمەت بە هەموو نەتەوەکان بکەم بە تایبەتیش کوردەکان ئیتر سوپاس بۆ ئیوە ...

لێرە دەڵێین بە هەوڵ و نەقەلاّیی هەموو کوردەکان بە تایبەتی هەردوو حیزبەکەی کوردستان توانییان بروسەی دیموکراتی بوونی کەرکوك بۆ خۆیان ببنەوە ئەمەیش سەرەتایی بە کوردستان بوونی کەرکوك دوپات دەکەتەوە بەلاّم تورکمانەکان کە هەمیشە چاوەڕوانی تورکیا بوون و بە پشتیوانی ئەو دەیانوبست خۆیان بچەسپێنن. بۆیان دەرکەوت برایەتی بوون لە گەرکوکدا ئەبێت ببێ بە درۆشمی هەموولایەك بە تایبەتی ئەوان ...

ئێتر سوپاس

سابیری محمود داماو

٢٩ / ٥ / ٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت